کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
15-10-2007 21:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**شانازی ئیبراهیم ئەحمەد لەوە گەورەتر... حسین باڵەیانی**

ئەگەر لەسەردەمی موسەیلەمەی کەزاب تۆڕی ئەنتەرنێت هەبوایە ئەوە خوادەیزانی. دەبوایە ئەمڕۆ زانست لە خەمی ئەوەدابوایە. کە سپڕایەک بۆ کوژاندنەوەی درۆ درووست بکات ئەمەش دیارە مەرحەمەتێکی ئیلاهی بوو کە لەوسەردەمە ئەو ئامێرە سەیرو سەمەریە نەبوو. بەڵام ئەوەی کە سەیرەترە لەدوای تێپەڕ بوونی پتر لە 1400 ساڵ بەسەر مردنی موسەیلەمە ی کەزاب. لەسایەی تۆڕی ئەنتەرنێتەوە دامامکدارو خۆفرۆش و موسیلەمەی کەزابی وا پەیدابوونە ئەسڵەن ترەترپیان بەدرۆکانی موسەیلەمەدا کردوە. چەند موسەیلەمەیەک لە سەر تۆڕیکی وەک (بوختان پۆست) ی پشتگیریکراو لەلایەن دەزگای میتی تورکی کەوتوونەتە درووستکردنی درۆی شاخدار بۆ خاتو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد ئەو خانمەی کە لەو بنەماڵەیە کە هەموو ژیانیان بۆ خەبات و تێکۆشان تەرخان کردوە لە پێناو ئازادی و سەرفرازی گەلی کوردستان لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان. هەموو ئەو درۆیانەش تەنیا لە یەک بازنەدا خول دەخۆنەوە. بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک بدەنەدەست تەنیا بە قسە نەبێت هیچی تریان لە هەگبەدا نیە، سوکایەتی کردن بە مرۆڤ و هەوڵدان بۆ ناوناتۆرە درووست کردن کارێکە دوورە لە هەموو نەرێتێکی ئەخلاقی. بەتایبەتی ئەگەر ناوناتۆرەکە بۆ ژن بێت ئەوە تاوانێکە هەرگیز چاوپۆش لێناکرێ. لە ناوکورد ئەم جۆرە ئەخلاقیەتە نەبووە. کە کەسێک بەخۆی بڵی پیاو بپرژێتە سەر درۆ هەڵبەستن بۆژنی کورد. بەڕاستی شورەیەکی گەورەیە ئەوانەی بەم جۆرە کردارانە هەڵدەستن. ئەوانە کەسانێکن ویژدانی خۆیان فرۆشتوە و پەیرەوی ئەو ووتە بەناوبانگەی عەرەب دەکەن کەدەڵی (ئەگەر شەرمت نەکرد چی دەکەی بیکە) بەڵی ئەوەی ئەم ناوناتۆرە هەڵدەبەستێ شەرمی نەماوەو هیچ خەیڵەتێک و شەهامەتێکی تێدا نەماوە بۆیە بەناوی خوازراو و بابەتە سووکەکەی وەک سوکی خۆی بڵاودەکاتەوە، هەموو خوێنەرێک دەزانی نووسینی ئەم موسەیلەمانە لە کام دەزگای موخابەراتی سەرچاوە دەگرن. ئەگەر سەرنجێک لە درۆی ئەم موسەیلەمانە بدەیت دەبینیت کە درۆکانیان لە قاوغی یەک قەوانەی سواودا خول دەدەن. تەنیا مەبەستیان لەم نووسینانە ئەوەیە کە ناوی پێرۆزی سەرکردەو خەڵکە تێکۆشەرەکانی کورستان لەکەدار بکەن بەتایبەتی ناوی پیرۆزی سەرکردەکانی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان ئەو یەکیەتیەی کە خاوەنی مێژوویکی پڕ لە سەروەریە و ئەودەزگا موخابەراتیەی ئەم پلانە بۆ نووسەرەکانی بوختان پۆست دادەڕێژێ لە بوختان پۆست یاغنیش ترە لەو مەسەلەیە. بەڵام ئەوەی لەلای گەل و میللەت ئاشکرایە بڕوای پۆڵایینی گەلەکەمانە بۆ ڕێزو حورمەت گرتنی ئەم خانەوادەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد. لەکەدارکردنی ناوی کەڵەپیاوانی گەلەکەمان تەنیا پیشەی کەسانی خۆفرۆشە ڕۆژێک دێت مێژوو ئەو کەسە جاسوسی و بەزیوانەی کە لەدەرەوەی کوردستان وە بەفیتی ناحەزانی گەلەکەمان وەک زۆڵە کورد بە کوونی خۆیان دەوەڕن ڕیسوابکات. چونکە کێ بەبیری دێت ئەم چەند موسەیلەمی کە بەناوناسراون لە بوختان پۆست دەنووسن هەرجارێک بەناوێکی خوازراو درۆکانیان بڵاو دەکەنەوە ئەم درۆ شاخدارانە ناچێتە خانەی هیچ بابەتێکی ئەدەبی و ڕەخنەیی و سیاسی تەنیا خۆڕیسواکردن نەبێ لێرەدا هەرگیز قێزم لەوەدێت کە ناویان بخەمە سەر ئەم ماڵپەڕە خۆشەویستە نەبادا بۆنی گەنیوویان ئەم مینبەرە پ... بکات. زمانی ڕەخنەگرتن ئینسافی تێدا دەبێت و کەسەکان بوێرانە ناوی خۆیان دەنووسن. ئامادەن بەرگری لە نووسینەکانیان بکەن هەروەک ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نووسینەی فرنسوا ڤولتیر بۆ جان جاک ڕۆسۆی نووسیبوو دەڵێ (من جیاوازم لە گەل بۆچوونەکانی تۆ بەڵام ئامادەم گیانی خۆم لە پێناوی مافی تۆ دابنێم تاوەکو ڕای خۆت بەسەربەستی بدەیت) ئەمە زمانی دیالۆگ و بۆچوون ومەنتیقی عەقڵە. نەوەک ئەوەی دەزگا جاسوسیەکان دەرهەق بە سەرکردەو ژنانی کورد بڵاوی دەکەنەوە لە ڕووی بوختان پۆست. بۆیە دەڵێم خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد لەوەگەورەترە کە ئەم موسەیلەمانە دینووسن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.